# وه‌قایعی كوردستان

رۆژنامه‌ی ره‌سمی هه‌رێمی كوردستانه - وه‌زاره‌تی داد ده‌ری ده‌كات

ژماره (١٤٨)     ساڵی دوازده‌م     ٢٣/ته‌مموز/٢٠١٢ زایینی     ٢/خه‌رمانان/٢٧١٢كوردی     ٣/ ره‌مه‌زان/١٤٣٣كۆچی


## له‌م ژماره‌یه‌دا :

148


یاسای ژماره (٥) ساڵی ٢٠١٢ — لا ١
یاسای دووه‌مین هه‌مواری یاسای ئه‌كادیمیای كوردی
ژماره (١٢)ی ساڵی ١٩٩٧ی هه‌موار كراو له‌ هه‌رێمی كوردستان- عێراق

په‌یڕه‌وی ناوخۆی یه‌كێتی په‌رله‌مانتارانی كوردستان — لا ٥

ڕێنمایی ژماره (١)ی ساڵی ٢٠١٢ی ئه‌نجومه‌نی دادوه‌ری — لا ١٦
تایبه‌ت به‌ یاسای لێبوردنی گشتی ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠١٢

به‌یانی ژماره (١٣)ی ساڵی ٢٠١٢ی وه‌زاره‌تی داد — لا ١٨

به‌یانی ژماره (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ی وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف و كاروباری ئایینی — لا ١٨

به‌یانی ژماره (٣)ی ساڵی ٢٠١٢ی وه‌زاره‌تی كارو كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی — لا ١٩

به‌یانی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده — لا ١٩

به‌یانی وه‌زاره‌تی شاره‌وانی و گه‌شت و گوزار — لا ٢٠

به‌یانی وه‌زاره‌تی دارایی و ئابووری / ٤ — لا ٢١

به‌یانی ژماره (٧٣-٧٤-٧٥-٧٦-٧٧-٧٨-٧٩-٨٠-٨١-٨٢-٨٣-٨٤-٨٥-٨٦-٨٧) — لا ٢٢
ساڵی ٢٠١٢ی وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی



ناونیشان: هه‌ولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵه‌خانه‌ی وه‌زاره‌تی داد..
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)
http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٤٨)   السنة الثانية عشرة   ٢٣/تموز/٢٠١٢ميلادي   ٢/خەرمانان/٢٧١٢كوردي   ٣/رمضان/١٤٣٣هجري

148

في هذا العدد:


| | |
|---|---|
| قانون رقم (٥) لسنة ٢٠١٢<br>قانون التعديل الثاني لقانون الاكاديمية الكوردية<br>رقم (١٢) لسنة ١٩٩٧ المعدل في اقليم كوردستان ـ العراق | ص ٢٧ |
| النظام الداخلي لا تحاد برلمانيي كوردستان | ص ٣٠ |
| التعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٢ مجلس القضاء<br>خاص بقانون العفو العام رقم (٢) لسنة ٢٠١٢ | ص ٣٩ |


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| بيان رقم (١٣) لسنة ٢٠١٢ وزارة العدل | ص ١٨ |
| بيان رقم (٤) لسنة ٢٠١٢ وزارة الاوقاف والشؤون الدينية | ص ١٨ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠١٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ١٩ |
| بيان وزارة التربية | ص ١٩ |
| بيان وزارة البلديات والسياحة | ص ٢٠ |
| بيان وزارة المالية والاقتصاد / ٤ | ص ٢١ |
| بيان رقم (٧٣-٧٤-٧٥-٧٦-٧٧-٧٨-٧٩-٨٠-٨١-٨٢-٨٣-٨٤-٨٥-٨٦-٨٧)<br>لسنة ٢٠١٢ وزارة الصحة | ص ٢٢ |


No.:148 Date: July, 23, 2012 Vol.: 12

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٠-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ١٦ ) ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) لە ٥/ ٦/٢٠١٢ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی٢٠١٢
## یاسای دووەمین هەمواری یاسای ئەکادیمیای کوردی
## ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عیراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت و، بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:
ئەکادیمیای کوردی خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆی مەعنەوییە و یەکێکە لە چاوگە باڵاکان لەهەموو شتێکی پەیوەندیی بە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی و پاراستن و دەوڵەمەند کردنییەوە هەبێ، بە مەبەستی گەیشتن بە زمانێکی یەکگرتووی فەرمی .

**ماددەی دووەم:**

ماددەی چوارەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:
ماددەی چوارەم: ئەکادیمیا کار بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئامانجانەی دادێ دەکات:
**یەکەم:** پاراستنی زمانی کوردی و کار کردن بۆ ئامادە کردنی توێژینەوە، کە ڕەنگە زەمینەی گونجاو بۆ یەکخستنی زاراوەکانی بە سوود وەرگرتن لە شێوەزارەکانی بخولقێنێ.

**دووەم:** بەرز کردنەوەی ئاستی توێژینەوەی کوردی بۆ هاوشان ڕۆیشتن لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و کولتووری .

**سێیەم:** زیندوو کردنەوەی کولتووری کورد لە زانست و وێژە و هونەر و پیشان دانی ڕۆڵی زانایانی کورد تێیدا.

**چوارەم:** بایەخ دان بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان و شارستانیەتەکەی .

**پێنجەم:** وردبوونەوە لە ناونیشانی تابلۆی شەقامە گشتییەکانی شار و شارۆچکەکان و ناوی قوتابخانەکان و شوێنەکانی خواپەرستی و نووسینگە و شوێنانی بازرگانی و نابازرگانی لە رووی زمانەوە و راسپاردن بە دووبارە ناونانەوەیان بە ناوی ناودارانی کوردستان و هێماکانی و ئاگادار کردنەوەی لایەنانی پەیوەندیدار بۆ گرتنەبەری ئەوەی پێویستە لەبارەیانەوە.

**شەشەم:** گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادیمیاکانی زانستی و زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی و بەتین کردن و بەهێز کردنی لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا .

**حەوتەم:** کار کردن بۆ دەوڵەمەند کردنی دەستەواژەکان و یەکخستنیان لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە .

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی (پێنجەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:

ئەکادیمیا بەم شێوانەی دادێ ئامانجەکانی بەدی دەهێنێت:

**یەکەم:** دانانی فەرهەنگ و سەرچاوە و ئەنسکلۆپیدیای زانستی و زمانەوانی .

**دووەم:** دەرکردنی گۆڤارێکی دەوریی ئەکادیمی.

**سێیەم:** بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی کتێبی زانستی و زمانەوانی و گرێدانی کۆڕ و کۆنگرە و سازکردنی وەرزی زانستی و کولتووری و بەشداری کردن تێیاندا لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

**چوارەم:** پشتیوانی کردن لە زانا و توێژەر و ئەدیبان .

**پێنجەم:** دامەزراندنی ناوەندێکی بەڵگەنامە و دەستنووسی تایبەت بە ئەکادیمیا .

**شەشەم:** هەماهەنگی و کار کردن لەگەڵ لایەنانی حکومی و ناحکومیی پەیوەندیدار بەو ئامانجانەی ئەکادیمیا کاریان لە پێناودا دەکات .

**حەوتەم:** هاندانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە بواری زمان و دیرۆك و کەلەپور .

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەکانی (أ/١) و (ب/١) لە ماددەی (حەوتەم)ی یاساکە هەموار دەکرێن، و بڕگەی (ج/٢)ی ماددەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

أ ـ مەرجی ئەندامی کارا:

١ـ هاوولاتیی هەرێمی کوردستان بێت.

ب ـ مەرجە ئەندامی یاریدەدەر:

١ـ زمانی کوردی بە ڕەوانی بزانێت.

**ماددەی پێنجەم:**

بڕگەی (أ) لە ماددەی (دەیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:

ماددەی دەیەم/ أ: سەرۆکی ئەکادیمیا بە ئامادەبوونی دوو لە سەر سێی ئەندامانی کارا بە لای کەمەوە و بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی ڕەها بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت کە بۆ یەك جار قابیلی نوێ کردنەوەیە و، لەم بارەیەشەوە فەرمانیك لە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە دەردەچێت).

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی (یازدەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی دادێ دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی ئەکادیمیا جێگرێکی دەبێ کە ئەنجومەنی ئەکادیمیا لە نێو ئەندامانی کارایدا ، بە هەمان ئەو میکانیزمە هەڵی دەبژێرێت کە سەرۆکی پێ هەڵدەبژێرێت و بۆ ماوەی (چوار ساڵ) کە بۆ یەك جار قابیلی نوێ کردنەوەیە، جێی سەرۆکیش لە کاتی ئامادە نەبوونیدا دەگرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

هەردوو بڕگەی (ج) و (د) لە ماددەی بیست و یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

ج ـ پاداشتێکی مانگانە بە ئەندامانی ناخۆتەرخان (ناموتەفەڕغ)ی ئەنجومەنی ئەکادیمیا دەدرێت.

د ـ لە حاڵەتی کۆتایی هاتنی ئەندامیەتیی ئەندامی کارای ناخۆتەرخان، مووچەیەکی خانەنشینیی بۆ دەبڕدرێتەوە ئەگەر مووچەی نەبێت و پەیوەست بە وەزیفەیەکی دیکەوە نەبێت.

**مادددەی هەشتەم:**

ماددەی (بیست و دووەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەندامی کارا کاری خۆی لە نێو ئەکادیمیادا دەکات و بەشداری لە لیژنەکانی و کۆبوونەوەکانی و چالاکییە زانستییەکانیدا دەکات .

**دووەم:** ئەندامی کارا لە یەکێك لەم حاڵەتانەی دادێ ، ئەندامێتی لەدەست دەدات :

١ـ دەست لە کار کێشانەوە .

٢ـ ئەگەر لە سێ کۆبوونەوەی دوا بە دوای یەکدا بەبێ پاساوێکی رەوا ئامادە نەبوو یان بەشێوەیەکی باش بەردەوامی بە ئەرکی خۆی نەدا، ئەویش بە بڕیاری ئەنجومەنی ئەکادیمیا و بەدەنگدانی نهێنی دەبێت .

٣ـ ئەگەر بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم درا .

٤ـ مردن .

**سێیەم:** لە کاتی بەتاڵ مانەوەی شوێنی ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەن، سەرۆك لە یەکەمین دانیشتندا ئەوە رادەگەیەنێت و لە ماوەی (سێ مانگ)دا بە بڕیاری ئەنجومەنی ئەکادیمیا پڕ دەکرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدارکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوواندنییەوە کاری پێدەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

٢٦/ حوزەیران /٢٠١٢ ی زایینی

٦/ پوشپەڕ / ٢٧١٢ ی کوردی

٦ / شەعبان / ١٤٣٣ کۆچی

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

## پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

بەپشت بەستن بەحوکمەکانی ماددەی (١٣) لە یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو بە هەردوو یاسای ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١١ بە پێ حوکمی بەندەکانی دەستەی گشتی یەکێتی لە کۆنفراسی رۆژی ٢٠١٢/٦/٩ بڕیاری دەرکردنی ئەم پەیڕەوی دا .

## بەشی یەکەم- پێناسەکان

**ماددەی ( ١ )**

بۆ جێ بە جێکردنی ئەم پەیڕەوە مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی بەرامبەریەتی :

هەرێم – هەرێمی کوردستان – عێراق

یەکێتی – یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

پەیڕەو – پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی .

دەستەی گشتی – سەرجەم ئەندامانی یەکێتی .

نوێنەرایەتی دەستەی گشتی – گشت نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی دەستەی گشتی

دەستەی باڵا – باڵاترین دەستەی هەڵبژێردراوی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە

سەرۆك – سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانی هەڵبژێردراو لە لایەن دەستەی باڵادا .

پەرلەمانتار – ئەندامی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمانی کوردستان یان پەرلەمانی عێراق لە خولی ئێستای بەردەوام و خولەکانی پێشوو کە نوێنەری گەلی کوردستان بوون .

ئەندام – ئەو پەرلەمانتارەی بۆتە ئەندام لە یەکێتی و پابەندیەکانی بەجێ گەیاندووە .

**ماددەی ( ٢ )**

دروشمی یەکێتی

سەروەری یاسای – دیموکراسی – دادپەروەری کۆمەڵایەتی .

**بەشی دووەم**

ئامانج و پسپۆریەکانی یەکێتی (تایبەتمەندیەکانی)

**ماددەی ( ٣ ) :**

ئامانجی یەکێتی بریتین لە :

**یەکـەم :** دەوڵەمەنـدکردنی پـڕۆژەو پێـشنیارەکانی کـە پێـشکەش بـە پەرلـەمانی کوردسـتان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکرێت .

**دووەم :** پەرەپێدانی پرۆسەی یاسادانەری و ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەکارن .

**سێیەم :** بەهێزکردنی رۆلی یاسادانەری و چاودێری کاری و رێکاری پەرلەمانی .

**چوارەم :** بلاوکردنەوەی ووشیاری یاسایی و فەرهەنگی دیموکراسی و پەرلەمانی و بنەماکانی مـافی مرۆڤـ لە کۆمەڵگەی کوردستان .

**پێنجەم :** لە رێگەی چوونە پاڵ رێکخراوو یەکێتیە نێودەوڵەتیە هاوشێوکانی کـار بـۆ کـاراکردن و ئاڵوگوڕی شارەزایی دەکات .

**شەشەم :** داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی .

**حەوتەم :** داکۆکی کـردن لـە مافـەکانی ئەنـدامان و بـۆ دامەزرانـدنی ناوەنـدە کۆمەڵایـەتیی و رۆشنبیریەکان بۆیان .

**هەشتەم :** کار بۆ مسۆگەر کـردن و وەگەرخـستنی میکانیزمـەکانی بـەرگری (داکـۆکی) لەمافـە دەستووری و یاساییەکانی هاووڵاتیەکان دەکات .

**نۆیەم :** پشتگیری و پاڵپشت لە پرۆسەی چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێم .

## بەشی سێ یەم

## ئەندامیەتی ( ئەندام بوون ) لە یەکێتیدا

**ماددەی ( ٤ )**

**یەکەم :** هەر پەرلەمانتارێك لەوانەی کە نوێنەر بوون یان ئێستا نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن مافی ئەوەی هەیە ببێت بە ئەندام لە یەکێتیەکە ئەوانەی .

**دووەم :** مەرجە بۆ ئەندامیەتی لە یەکێتی :

١. لە هاوڵاتیانی کوردستان - عێراق بێت یان ئەوانەی کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن لەو پەرلەمانانەی کە لەم یاسادا هاتووە .

٢. ئەندام یان ئەندام بوو بێت لە یەکێك لە خولەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق لـە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١.

٣. ئەندام یان ئەندام بوو بێت لە یەکێك لە خولەکانی پەرلەمانی عێراق لە دوای رووخانی رژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣ .
٤. باوەڕی بە ئامانجەکانی یەکێتیەکە هەبێت و ئاگادار بێت لە چالاکیەکانیەوە .
٥. داوای بە ئەندام بوون پێشکەش بکات و رەسمی ئەندامێتی بدات .

**ماددەی ( ٥ )**

لە دەستدانی ئەندامی لە یەکێتی لە یەکێ لەم بارانەی خوارەوە دەبێت :

**یەکەم :** دەست لەکار کێشانەوە دوای وەرگرتنی رەزامەندی .

**دووەم :** دەرکردن بە بڕیاری دەستەی گشتی .

**سێ یەم :** مردن.

## بەشی چوارەم – پێکهاتەکان

**ماددەی ( ٦ )**

باڵاترین دەسەڵات دەستەی گشتی یە کە پێك دێت :

**یەکەم :** لە تەواوی ئەندامان ئەوانەی پابەندی خۆیان جێ بە جێ کردووە .

**دووەم :** دەستەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك (کۆنگرە)ی گشتی دەبەستێت لە مانگی خاکە لێوە (نەورۆز) کە رێکەوتی (٢١ اذار – ٢٠ نیسان ) دەکات بۆ خولی تازەی هەڵبژاردن و بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان .

**سێ یەم :** نوێنەرایەتی دەستەی گشتی کۆبوونەوە (کۆنفراس)ی ساڵانەی خۆی مانگی خاکە لێوە (نەورۆز) سازدەدات بۆ پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە هەیەتی جگە لە هەڵبژاردنی دەستەی باڵا ئەویش بە ئامادەبوونی زۆرینەی نوێنەرانی دەستەی گشتی کە بۆ هەر پێنج ئەندام یەك نوێنەرە سەرباری ئەندامانی دەستەی باڵا .

**چوارەم :** نوێنەرانی دەستەی گشتی بۆی هەیە کۆبوونەوەی لەناکاو ئەنجام بدات لەسەر ئەو بابەتانەی کە پێشتر دیاری کراون هەر لەسەر ئەم بابەتانەش بڕیار بدات .

**پێنجەم :** کۆبوونەوەی (کۆنگرە)ی گشتی و کۆبوونەوەکانی ساڵانەو لەناکاوی دەستەی گشتی لەسەر بانگهێشتنی سەرۆك ئەویش داوای دەستەی باڵا یان سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوەی لەناکاو .

**ماددەی ( ٧ )**

**دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی**

**یەکەم :** هەڵبژاردنی دەستەی باڵا بەدەنگدانی نهێنی .

**دووەم :** گوێگرتن لەو راپۆرتانەی کە دەستەی باڵا پێشکەشی دەکات و تاوتوێ کارە تەواو کراوەکان و ئەو پرۆژانەی ئامادەن بۆ جێ بە جێ کردن و بیروڕا دان لەسەریان .

**سێ یەم :** پێشکەشکردنی پێشنیار و راسپاردە بۆ دەستەی باڵا .

**چوارەم :** تاوتوێکردن و بڕیاردان لەسەر حیسابی کۆتایی ساڵی رابردوو پرۆژەی بودجەی ساڵی ئایندە

**پێنجەم :** دارشتنی سیاسەتی گشتی یەکێتی .

**شەشەم :** پەسندکردنی پەیرەوی ناوخۆ .

**حەوتەم :** دیاریکردنی لە بری ئەندام بوون و ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان .

## بەشی پێنجەم - هەڵبژاردنەکان

**ماددەی ( ٨ )**

**هەڵبژاردنەکان :**

**یەکەم :** پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی باڵا هەر چوار ساڵێك ئەنجام دەدرێت بە گوێرەی لیستی کراوە یان تاك .

**دووەم :** دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دوای کۆتایی بوونی جیاکردنەوە رادەگەیەنرێت ئەو پاڵێوراوە بە براوە دەژمێردرێت کە زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بە دەست دێنێ .

**سێ یەم :** ئەگەر دوو پاڵێوراو یان زیاتر وەك یەك دەنگیان هێنا لە رێگەی پاشەکشە یان تیروپشك یەکلایی دەکرێتەوە .

**ماددەی ( ٩ )**

**یەکەم :** دەستەی باڵا لێژنەیەکی ئامادەکاری بۆ پێداویستەیەکانی بەستنی (کۆنگرە) گشتی پێك دەهێنێت .

**دووەم :** دەستەی باڵا لە بارەگای سەرەکی و لقەکانی لیستی ناوی دەنگدەران بڵاودەکاتەوە پێش کۆنگرە بە مانگێك تاکو پێش هەفتەیەك لەکاتی هەڵبژاردنەکان تانەکان وەردەگیرێن و کۆتایی پێ بێت .

**ماددەی ( ١٠ )**

داوای خۆ پالاوتن پێشکەش بە دەستەی بالا دەکرێت بۆ ئەوەی لە هەبوونی مەرجەکانی پێویست بکۆڵێتەوە.

ئەو ناوانەی کە مەرجیان تێدا هەیە لە بارەگای سەرەکی و لقەکان بلاودەکرێنەوە پێش دە رۆژ لە ئەنجامدانی کۆنگرەی گشتی تانە لێدانیش تا هەفتەیەك پێش هەڵبژاردنەکان وەردەگیرێت .

**ماددەی ( ١١ )**

ئەگەر پۆستێك یان زیاتر لە دەستەی بالا بەتاڵ بوو بە ئەوا گوێرەی زنجیرەی دەنگەکانی پاڵێوراون لە کۆنگرە پڕ دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو ماوەی دەستەی بالا لە شەش مانگ زیاتری مابوو لە کاتێکدا ئەگەر نیوەی ئەندامانی دەستەی بەتاڵ مایەوە ئەوە دەستەی بالا دەخرێتە ژێر باری هەڵوەشاندنەوەو داوا لە دەستەی گشتی دەکرێت هەڵبژاردنی دەستەی بالا لەیەك مانگ دا ئەنجام بدات .

## بەشی شەشەم - دەستەی بالا

**ماددەی ( ١٢ )**

**یەکەم :** دەستەی بالا لە (٩) ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دێت، کە دەستەی بالا بە نهێنی هەڵیان دەبژێرێت .

**دووەم :** لێپرسراو و دەستەی کارگێڕی لقەکانی یەکێتیەکە لە لایەن ئەندامانی لق هەڵدەبژێردرێن لێپرسراوی لقەکان بەشداری کۆبوونەوەکانی دەستەی بالا دەکەن بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت .

**ماددەی ( ١٣ )**

**یەکەم :** هەر دوو هەفتە جارێك دەستەی بالا کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێت، بۆی هەیە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام بدات لەسەر داوای سەرۆك بۆ باس کردنی ئەو شتانەی لە داوایەکە دیاریکراون .

**دووەم :** کۆبوونەوەی دەستەی بالا بە ئامادەبوونی لە نیوە زیاتری ئەندامان رێژەی یاسایی تەواودەکات .

**سێ یەم :** کۆبونەوە بە خوێندنەوەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو دەست پێ دەکات بۆ بەدوواداچوون

**چوارەم :** بڕیارەکانی دەستەی بالا بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی دەبێت لە بارێکدا کە دەنگەکان یەکسان دەرچوون دەنگی سەرۆك یەکلای دەکاتەوە .

**ماددەی ( ١٤ )**

دەستەی باڵا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات .

**یەکەم :** هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتیەکە و جێگرەکەی و لێپسراوی دارایی لە نێو ئەندامانیدا بەدەنگدانی نهێنی .

**دووەم :** بەپێی سیاسەتی گشتی یەکێتیەکە ناوی سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی هەمیشەیی و کاتی دیاری دەکات .

**سێ یەم :** بەڕێوەبردنی یەکێتی بەپێی پلانی کاری ساڵانەی گونجاو لەگەڵ ئەم پەیڕەوە .

**چوارەم :** پاراستنی موڵك و دارایی یەکێتیەکە و بە دەستهێنان و بەکارخستن و بەڕێوەبردنی بەجۆرێك کە بەرژەوەندی یەکێتیەکەی مسۆگەر بکات .

**پێنجەم :** دەرکردنی رێکاری پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکە.

**شەشەم :** کردنەوەی لقەکانی یەکێتی و سەرپەرشتی کاروبارەکانی .

**حەوتەم :** رەزامەندی لەسەر فۆڕمی بە ئەندام بوون بە گوێرەی مەرجەکان.

**هەشتەم :** ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر کاروچالاکیەکان.

**نۆیەم :** وەرگرتنی هەڵوێستی نیشتیمانیی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی لەسەر بارودۆخەکان بەناوی یەکێتیەکە.

**دەیەم :** دانانی میکانیزم و پلانی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی یەکێتیەکە .

**یازدە :** سەرپەرشتی کاروبارەکانی ئەندامان و لێژنەکان .

**دوازدە :** کارکردن لە پێناو دروستکردنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ لایەنی پەرلەمان و حوکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی لەسەر ئاستەکانی کوردستانی و نیشتیمانی و نێودەوڵەتی .

**سێزدە :** وەرگرتنی ئەندامی فەخری لەو پەرلەمانتارانەی هەڵوێستی شەرەفمەندانەیان دەربارەی گەلی کوردستان هەیە .

**چواردە :** دامەزراندنی کارمەند و خزمەتگوزار .

**ماددەی ( ١٥ )**

**دەسەڵاتەکانی سەرۆك بریتین لە :**

**یەکەم :** سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵا و دانیشتنەکانی دەستەی گشتی و سەرپەرشتی کاروبارەکانی جگە لە خولی هەڵبژاردنی دەستەی باڵا ئەگەر خۆی تێدا پاڵێوراو بێت .

**دووەم :** ئیمزا لەسەر كۆنووسی كۆبوونەوەكانی دەستەی باڵا و هەموو نوسراو و نامە فەرمیــەكانی دەرچوو لە یەكێتیەكە .

**سێ یەم :** دانانی بەرنامەی كاری كۆبوونەوەكانی دەستەی باڵا .

**چوارەم :** بۆی هەیە تا بڕی ٢٥٠,٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی بۆ هــەر حالــەتێك خەرج بكات لە وەش زیاتر بێت بە بڕیاری دەستەی باڵا لە یەكەم كۆبوونەوەی خۆی خەرج دەكرێت .

**پێنجەم :** داواكاری پێشكەش كراوی ئەندامان و كارمەندان وەردەگرێ بۆ ئەوەی دەستەی باڵا بڕیاری گونجاوی لەسەر بدات .

**شەشەم :** هەماهەنگی دەكات لە نێوان دەزگا جیاجیاكانی یەكێتیەكە لە لق و لێژنەكان و ئاراستەی پێویستیان دەكات .

**حەوتەم :** نوێنەری یەكێتی یەكە دەبێت بەرامبەر بــە دادگــا و دام و دەزگــا حكومیــەكان و هــی تریش.

**ماددەی ( ١٦ )**

## جێگری سەرۆك

جێگری سەرۆك ئەم دەسەڵاتانەی هەیە :-

**یەكەم :** لەكاتی نەهاتنی سەرۆك، جێگر لە جێی ئەو دەبێت و هەموو دەسەڵاتەكانی پەیڕەو دەكات

**دووەم :** هاوكاری سەرۆك دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی كاروبارەكان و ئەو ئەركانەش دەگرێتە ئەستۆی كــە پێی ڕادەسپێردرێت .

**سێ یەم :** سەرپەرشتی كاروبارەكانی لێژنە هەمیشەیی و كاتیەكان دەكات .

**چوارەم :** سەرۆكایەتی كۆبوونەوە هاوبەشەكانی لێژنە هەمیشەیەكانی دەستەی باڵا دەكات .

**ماددەی ( ١٧ )**

لێپرسراوی دارایی ئەم ئەركانە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەكەم :** سەرپەرشتی ڕاگرتنی دارایی یەكێتیەكە و بەدوواداچوونی سیاسەتی دارایی دەكات .

**دووەم :** لەگەڵ ژمێریار بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن لەســەر هــەموو مومتەلــەكاتی یەكێتیەكــە بــە گوازراو و نەگوازراو .

**سێ یەم :** سەرپەرشتی پێكهێنانی لێژنەی كڕین و كارەكانی دەكات .

**چوارەم :** لەگەڵ ژمێریار ئیمزا لەسەر هەموو پسوولە داراییەكانی یەكێتیەكە دەكات .

**پێنجەم :** سەرپەرشتی ئامادەكردنی بودجەی دارایی و حیسابی كۆتایی دەكات .

**شەشەم :** سالانە سەرپەرشتی ئامادەکردنی راپۆرتی دارایی یەکێتی دەکات بۆ پێشکەش کردنی بە دەستەی گشتی .

**حەوتەم :** بەدواداچوونی کاروبارەکانی بانق و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی یەکێتی .

**ماددەی ( ١٨ )**

## لیژنە هەمیشەیەکان:

**یەکەم :** یەکێتیەکە ئەم لیژنانەی خوارەوە پێك دەهێنێت :

١. لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکان:

ئەم لیژنەیە تایبەتمەندە بە ڕێکخستنی پەیوەندیەکان لەگەڵ لایەنی پەرلەمان و حکومەت و پارتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم .

٢. لیژنەی یاسایی:

تایبەتمەندە بە لێکۆلینەوە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی هەرێم پێشکەش کراون رادان و دارشتنەوەو هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندکردنی یاساکان.

٣. لیژنەی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن:

تایبەتمەندە بە سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤاری پەرلەمانتاران و بڵاوکراوەکان و پێگەی ئەلیکترۆنی و ڕێکخستنی کۆنگرەو کۆنفرانس و سیمینارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان

٤. لیژنەی مافەکانی مرۆڤ :

تایبەتمەندە بە رەچاوکردن و چاودێری کردنی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێم بە گوێرەی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان لەو بوارەدا.

٥. لیژنەی دەستپاکی و چاکسازی:

تایبەتمەندە بە پشتگیری چاکسازی و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە هەرێم.

**دووەم :** لیژنە کاتیەکان

یەکێتی بۆی هەیە هەر لیژنەیەکی کاتی پێك بهێنێ بە پێی پێویستی .

**ماددەی ( ١٩ )**

## لیژنە هەمیشەیەکان:

**یەکەم:** هەر ئەندامێکی یەکێتییەکە مافی ئەوەی هەیە خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەندامی لیژنە هەمیشەییەکان و سەرۆك ئەم ناوانە دەخاتە بەردەم کۆبوونەوەی دەستەی باڵا بۆ دەنگدان لەسەریان.

**دووەم:** هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لەنێوان ٥-١١ ئەندام پێك دێت.

**سێیەم:** لەدوای پێکهێنانی لیژنەکان لە ماوەیەك کە لە سێ ڕۆژ تێپەڕبکات ، پێویستە سەرۆك و جێگری سەرۆك و بڕیاردەر بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنە هەڵبژێردرێن.

**چوارەم:** لیژنەکان کۆبوونەوەی دەوری ئەنجام دەدەن کە سەرۆك یان جێگرەکەی لەکاتی ئامادەنەبوونی ڕۆژەکە دیاری دەکەن بڕیاردەریش بانگێشتە دەکات .

**پێنجەم:** کۆبوونەوەی لیژنەکان بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی ئەنجام دەدرێت، بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی دەبێت بە ئیمزای سەرۆك لیژنە یان جێگر بۆ دەستەی باڵا بەرز دەکرێتەوە.

**شەشەم:** هەر لیژنەیەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆژانەی بۆیان ڕەوانەدەکرێت و کاردەکەن لەسەر بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی دوای ڕەزامەندی دەستەی باڵا.

**حەوتەم:** سەرۆکی یەکێتیەکە یان جێگرەکەی لەکاتی پێویست بانگهێشتی سەرۆکایەتی لیژنەکان و ئەندامانیان دەکەن بۆ کۆبوونەوەی هاوبەش یان هەر لیژنەیەك بەتەنیا.

**هەشتەم:** لیژنە مافی ئەوەی هەیە کە داوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی لیژنە یان جێگرەکەی بکات لەکاتێك کە نەیان توانی ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.

**نۆیەم:** هەر ئەندامێك لە ئەندامانی یەکێتییەکە مافی ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەکانی هەر لیژنەیەك هەیە و بیروڕای خۆی بدات بێ ئەوەی بەشداری لە دەنگدان بکات.

## بەشی حەفتەم - ڕێکخستنی دارایی یەکێتییەکە

**ماددەی ( ٢٠ )**

دارایی یەکێتییەکە لەمانەی خوارەوە پێك دێت

**یەکەم:** ئابوونەی بوون بە ئەندام

**دووەم:** ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان

**سێیەم:** دەستکەوتی دارایی خانووبەرە و پرۆژەکان و قازانجی چاپەمەنییەکان کە یەکێتییەکە دەری دەکات.

**چوارەم:** دیاری و یارمەتییە ڕەواکان.

**پێنجەم:** بەخشین و یارمەتی دارایی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم.

**ماددەی ( ٢١ )**

**یەکەم:** ڕێکخستنی دارایی ئەرکە دارایی و ژمێرییەکان دیاری دەکات بۆئەوەی دارایی یەکێتییەکە و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بوودجەی ساڵانە بەڕێوە ببات.

**دووەم:** ساڵی دارایی یەکێتییەکە لە یەکەم ڕۆژی کانوونی دووەمی هەرساڵێك دەست پێ دەکات.

**سێیەم:** لێپرسراوی دارایی پرۆژەی بودجەی ساڵی دارایی دادێ بەهاوپێچی حیسابی کۆتایی ساڵی رابردوو دەیخاتە بەردەم دەستەی باڵا پێش مانگی کانوونی دووەم لە هەر ساڵێکدا.

**چوارەم:** دەستەی باڵا پرۆژەی بودجە پەسەند دەکات و پێشکەش بە دانیشتنە ئاساییەکانی ساڵانەی دەستەی گشتی دەکات بۆ پەسەندکردنی.

**ماددەی ( ٢٢ )**

**یەکەم:** دەستەی باڵا بەرپرسە لە دارایی یەکێتییەکە و پەیداکردن و پاراستنی و بڕیار لەسەر خەرجی پێویستییەکانی بۆ کاروباری یەکێتییەکە و لقەکانی لە پارێزگاکان بە پێ ی هەبوونی پاڵپشتی بودجە .

**دووەم:** پاڵپشتەکانی بودجەی ساڵانە هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر تاکو (٣٠) کانونی یەکەم لەو ساڵی داراییە بەکار نەهێندرابێت و رەسیدی ماوەی بۆ ساڵێکی تر دەگەڕێتەوە بەمەرجێ لە میزانییەدا بەڕوونی ڕیگای پێدرابێت و بەندەکانی دیارکرابێت.

**سێیەم:** حساباتی ساڵانەی یەکێتییەکە دەکەوێتە ژێر ووردبینی چاودێری دارایی هەرێم.

**چوارەم:** خانوبەرە و موڵکی یەکێتییەکە نافرۆشرێت تەنیا بە ڕەزامەندی نوێنەرانی دەستەی گشتی دەبێت جگە لەمانە دەستەی باڵا بۆی هەیە سامانی یەکێتیەکە بەکار بهێنێت بەپێی ڕێوشوێنە داراییەکان.

**ماددەی ( ٢٣ )**

**یەکەم:** یەکەی دارایی لە ژمێریار و وردبین و خەزنەدار و ئەمینداری کۆگا پێك دێت و لەژێر سەرپەرشتی لێپرسراوی دارایی کارەکان بەڕێوەدەبرێن.

**دووەم:** بەڵگەنامەکانی خەرجکردن بە ئیمزای سەرۆك و لێپرسراوی دارایی و ژمێریاری دەبێت.

**سێیەم:** پارەکان و پسوولەکان بەناوی یەکێتییەکە لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم دادەنرێت.

**چوارەم:** ئابوونەی ساڵانەی ئەندامان ( ١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دیناری عێراقی دەبێت.

**پێنجەم:** ئابوونەی بە ئەندام بوون لە یەکێتییەکە ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینارە.

**شەشەم:** هەرچی لەم پەیڕەوە نەهاتبێ کار لەسەر پێوانە و ڕێنماییە داراییەکانی پەیڕەوکراو لە دام و دەزگاکانی هەرێم دەکرێ

## بەشی هەشتەم - حوکمەکانی کۆتایی

**ماددەی ( ٢٤ )**

ئەم پەیڕەوە بە بەشێکی شیکەرەوە و تەواوکەر دادەندرێت بۆ جێبەجێ کردنی یاسای بەرکاری یەکێتییەکە.

**ماددەی ( ٢٥ )**

کارمەندان دەکەونە بەر حوکمی یاساکانی پەیڕەوکراو لە هەرێم.

**ماددەی ( ٢٦ )**

کارکردنی ئەندامان لە دەستەی باڵا و لیژنە هەمیشەییەکان و کاتییەکان یان لە لق و نووسینگەکانی یەکێتییەکە خۆبەخشانەیە و بێ بەرامبەرە.

**ماددەی ( ٢٧ )**

یەکێتییەکە بۆی هەیە گۆڤار و بڵاوکراوە و چاپەمەنی دەربکات کە پەیوەندیدارن بە کاروباری یاسایی و سیاسی و ژیانی پەرلەمانی هەبێت.

**ماددەی ( ٢٨ )**

دەستەی باڵا بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کرێکاران بکات یان هەرکارێك بکات کە بەرژەوەندی یەکێتییەکەی تێدابێت لە دەرەوەی میلاك ئەمەش بە بڕیارێك دەبێت کە ماوەی گرێبەست و کرێی ماندووبوون و مەرجەکانی گرێبەست تێدا باس بکرێت.

**ماددەی ( ٢٩ )**

**یەکەم:** کۆنفرانسی ساڵانە بە نوێنەرایەتی دەستەی گشتی ئەم پەیرەوەی پەسەند کرد لە ٢٠١٢/٦/٩

**دووەم:** ئەم پەیڕەوە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی پەسەندکردنیەوە لە کۆنفرانسی ساڵانە.

**نعمت عبدالله**

**سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**ئه نجومه نی دادوه ری**

**رێکه وتی : ٢٠١٢/٦/٢٨**

## بڕیار

پشت به حوکمی مادده / یانزه له یاسای لێبوردنی گشتی له هەرێمی کوردستان / عێراق ژماره ٢ی ساڵی ٢٠١٢ ، ئه‌نجومه‌نی دادوه‌ری هەرێمی کوردستان - عێراق بڕیاریدا به کۆی دەنگی ئاماده‌بوان به دەرکردنی ئه‌و رێنماییه‌ی خواره‌وه :

## رێنمایی ژماره (١ )ی ساڵی ٢٠١٢

١. لێبوردنی گشتی هه‌موو حوکمداران ده‌گرێته‌وه (به‌ندکراو و گیراوه‌کان) له فه‌رمانگه‌کانی چاکسازی کۆمه‌ڵایه‌تی له هەرێمدا له‌و ماوه‌یه‌ی که ماویانه له حوکمه‌که‌یاندا که له لایه‌ن دادگاکانی هەرێمه‌وه ده‌رهه‌قیان ده‌رچووه له‌و کێشانه‌ی ئاشته‌وایی کراوه یان ده‌کرێت له نێوان لایه‌نه‌کان له‌به‌رده‌م لیژنه‌ی پێك هێنراو له ماوه‌ی دیاری کراودا له مادده‌ی (سێ) ی یاساکه وه ده‌ست به‌جێ ئازاد ده‌کرێن .

٢. رێکاره‌کانی یاسایی راده‌گیرێت به‌شێوه‌ی کۆتایی له کێشه‌کانی که‌له ژێر لێکۆلینه‌وه‌ن یان له دادگاییکردندان له هه‌موو ئه‌و تاوانانه‌ی که به‌ر له رۆژی ده‌رچوونی یاساکه روویانداوه (جگه له تاوانباره هه‌ڵاتوه‌کان و ئه‌و تاوانانه‌ی له حوکمه‌کانی به‌ده‌ربێت) ئه‌گه‌ر ئاشته‌وایی له نێوان لایه‌نه‌کان کرابێت یان له به‌رده‌م لیژنه‌ی پێکهێنراو وه هه‌روه‌ها له‌به‌رده‌م دادگاکانی تایبه‌تمه‌ند و دادگاکانی لێکۆلینه‌وه ئه‌نجام بدرێت .

٣. مادده‌ی پێنجه‌م له یاساکه سه‌رپێچیه‌کان ده‌گرێته‌وه که له گشت یاساکان و بڕیاره‌کانی کارپێکراو له هەرێمدا هاتووه .

٤. بڕیاره‌کانی لیژنه‌ی پێکهێنراو به پێی مادده هه‌شت له یاساکه ده‌رده‌چێت به کۆی ده‌نگ یان به زۆرینه‌ی ده‌نگ وه ئه‌وه‌ی پێچه‌وانه‌ی رای زۆرینه بێت پێویسته هۆی پێچه‌وانه‌که‌ی روونبکاته‌وه .

٥. له‌سه‌ر لایه‌نه‌کانی په‌یوه‌نداره که ئاسانکاری پێویست بکه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی لیژنه‌کان بتوانن کاره‌کانیان ئه‌نجام بده‌ن .

٦. (بڕگه یه‌که‌م له مادده‌ی / ٩) له یاساکه هه‌روه‌ها دادگاکانی نه‌وجه‌وانیش ده‌گرێته‌وه سه‌باره‌ت به کێشه‌کانی بۆیان ره‌وانه کراوه بۆ مه‌به‌ستی کاری وردبینی پێداچونه‌وه سه‌ره‌ڕای ئه‌و دادگایانه‌ی که ئاماژه‌یان پێ کراوه له ده‌قی بڕگه‌ی ئاماژه پێ کراوه .

٧. لەسەر دادگاكانی تايبەتمەند بەو كێشانەی كە ئاراستەيان كراوە بۆ دادگاییكردن ڕاستەوخۆ حوكمەكانی ياسای ئاماژە پێكراو جێ بەجێ بكەن وە ئەوەش دادگاكانی لێكۆڵینەوەش دەگرێتەوە لەو كێشانەی كە لەبەردەستيان دايە .

٨. لەسەر فەرمانگەكانی چاكسازی كۆمەڵايەتی لە هەرێم ليستی سودمەندەكان لە ياساكان و بڕيارەكانی لێبوردنی گشتی ئاماژە پێكراو لە مادده (شەش) لە ياساكە بنێرن بۆ لێژنەكان و دادگاكان .

٩. لەسەر دادگاكان پێويستە دۆسيەی ئەو داوايانەی حوكمی پاشملەيان لەسەر دەرچووە بنێرن بۆ لێژنەی پێكهاتوو بەپێی بڕگەی يەكەم لە مادده / ٨ لە ياساكە ئەويش لەو كاتەی حوكم دراوی پاشملە لە ماددەی دياری كراودا خۆی رادەست بكات (بێجگە لەوانەی حوكمی لە سێدارەدانيان بۆ دەرچووە) كە ئەوانە لە دادگاكانی تايبەتمەند كێشەكانيان بە پێی حوكمی ياسا يەكلايی دەكرێتەوە .

١٠. حوكمەكانی ئەم ياسايە ئەو كێشە و رووداوانە دەگرێتەوە كە پێش رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٢/٦/٧ روويانداوە .

١١. ئەم رێنماييە جێ بەجێ دەكرێت لە رۆژی دەرچوونی و بلاّو دەكرێتەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وقائعی كوردستان)

**احمد عبدالله زبير**
**سەرۆكی ئە نجومەنی دادوەری**

وەزارەتی داد

## بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٢

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / بڕگە دوو) لەیاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧) بریارماندا بە :

کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە ناحیەی (سەنگەسەر) .

**شێروان حەیدەری**
**وەزیری داد**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

## بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بە پێی ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ژمارە (١١) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا :

١- کردنەوەی تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شارۆچکەی سەلاحەددین ی سەر بە قائیمقامیەتی شەقلاوەی پارێزگای هەولێر .

٢- ئەو تێبینەرایەتیە سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شەقڵاوە دەبێت لە سنوری بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەولێر .

٣- ئەم بەیانە کاری پێدەکرێت لە بەرواری دەرچوونی ٢٠١٢/٧/٩

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

## بەیانی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٢

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (حەوتەم / بڕگەی دووەم )ی یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندابە :-

هێنانەکایەی (استحداث) ئەو بەش و هۆبانەی خوارەوە لە بەڕێوەبەراتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٧/٢.

١- بەشی کاروباری یاسایی .
٢- هۆبەی راگەیاندن .
٣- هۆبەی ئاماروچالاکی .
٤- هۆبەی میلاکات .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی پەروەردە**

## بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (٧) بڕگە (٤) لە یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٠ یاسای هەمووارکردنی یەکەم یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ١٩٩٢، بڕیارماندا بە :-

- یەکخستنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (گرێ بەستە گشتی یەکان) و بەڕێوەبەرایەتی (کاروباری یاسایی) لەیەك بەڕێوەبەراتی لەژێر ناوی بەڕێوەبەرایەتی (گرێ بەستە گشتی یەکان و کاروباری یاسایی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان .
- لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ڕێکەوتی ١١ / ٧ / ٢٠١٢

**د . عصمت محمد خالد**
**وەزیری پەروەردە**

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەلاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی ( ١٠/ برگەی یەکەم ) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ( ٦ ی سالی ١٩٩٣ )ی هەموارکراو بڕیارماندا بە :-

١ . گۆرینی پلەی شارەوانی قەرەداغ لە پلەی ( ٤ ) بۆ پلەی ( ٣ ) .

٢. ئەم بەیانە لە ڕۆژی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت .

**ئەندازیار**
**دلشاد شهاب حاجی**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

وەزارەتی دارایی و ئابووری

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لەمادده (١٧) بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی سالی (٢٠١٠) بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی بانکە بازرگانییەکان / لقی ماوەت لە قەزای ماوەت .

**بایز سەعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی ( ١٧ ) برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ( ٢٠١٠ ) بڕیارماندا بە :-

کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی سندوقی نیشتەجێ کردن) لە هەولێر و دهۆك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنکە پسپۆریەکان .

## بەیان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی ( ١٧ ) برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ( ٢٠١٠ ) بڕیارماندا بە :-

گۆرینی ناوی بەریوەبەرایەتی (بانکە خانووبەرەی گوندەکان ) بۆ ناوی بەریوەبەرایەتی (بانکە خانووبەرەی سلێمانی/٢)

## بەیان

